پ / به نیشانەی ( √ ) یان ( × ) وەلامی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بدەرەوە ، هەلەکان راست بکەرەوە .

أ – داوەرەکان بەرپرسی سەرەکین لە هاتنە ژوورەوەی ئەویاریزانانەی دوای دەستپێکردنی یاری دەگەنە یاریگا .

ب – قۆناغی دروستکردنی هێرش دەست پێدەکات کاتێك جێبەجێکردنی هێرشی خێرای تاك سەرناکەوێت .

ج – کاتێك تیپ تۆپ لەدەست دەدات پێویستە هەموو یاریزانان رێگری لەو یاریزانە بکەن کە تۆپی لەلایە .

پ / بەوەلامێکی کورت وەلامی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بدەرەوە .

أ – بۆچی قۆناغی هێرشی خێرای تاك بە رێگایەکی کتوپر دادەنرێت بۆ تیپی بەرامبەر؟

ب – لە قۆناغی هێرشی خێرای بەکۆمەڵ پێویستە یاریزانەکان بەشێوەیەکی خێراو دروست پاسدان لە نێوانیان ئە نجام بدەن ؟

ج – بۆچی یاریزانانی هێرشبەر کرداری گۆرینەوەی شوێنەکانیان لەبەردەم بەرگریکاران ئە نجام دەدەن ؟

پ / ئەرکەکانی کاتگر بژمێرە ؟

پ / ئەم وشانە مانای چی دەگەیەنێت ؟ ( پلانی یاری ، بەرگری ، رێگەگرتن )

پ ٤ / لەو ساتەی تیپ تۆپ لەدەست دەدات تا یاریزانان دەگەرێنەوە شوێنی بەرگریکردنیان بۆ سێ قۆناغ دابەش دەبێت ، ئەم قۆناغانە چین بیانژمێرە و باسیان بکە ؟

پ / مەبەست لە بەرگری تاکەکەسی چی یە ؟ گرنگترین بنەماکانی بەرگری تاکەکەسی بژمێرە؟

پ / راهێنەر لەکاتی بەرێوەچونی یاری چەند جۆرە شێوەکاریەك بەکاردەهێنێت بۆ هێرشبردن .
ئەم شێوەکاریانە چین و چۆن و لە چ بوارێك ئە نجام دەدرێت ؟

پ / مەبەست لە رێگەگرتن چیە؟ و چۆن ئە نجام دەدرێت ؟

پ / وەك داوەرێك ئەرکت پێش دەستپێکردنی یاری چی دەبێت ؟

پ / بۆ بەرگریکردن لە هێرشی تیپی بەرامبەر پێویستە راهێنەر چەند جۆرە شێوەکاریەك بەکاربهێنێت تەنها سێ جۆریان باس بکە ؟

پ / بەرگریکردن دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش ، بە درێژی تەنها باسی دوو بەشیان بکە ؟

پ / بەشیکردنەوەیەکی پوخت و وێنەکێشان قۆناغەکانی هێرشبردن باس بکە ؟